# وانەی ٤: بڕۆنو، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی

**١. له نوێژ بۆ خودا دەست پێ بکەن: ستایش، شکۆپێدان، سوپاسی خوا کردن، خواپەرستن، داواکردنی بۆ ئامۆژگاری دەربارەی ئەم وانەکە**

**٢. گۆرانی نوێ فێری بکەن.**

*بانگی ناوت دەکەین*

بـانگی نـاوت دەکـەیـن شـکۆت بـەرز دەکـەیـن
بـانگی نـاوت دەکـەیـن شـکۆت بـەرز دەکـەیـن
باشـــــــــیت دەردەخـەیـــــــــن
باشـــیت دەردەخـەیـــن (عیســـا، عیســـا)

ڕووی تــۆ داوا دەکـەیــن پـەیمــان بـەجــێ بێـنـە
ڕووی تــۆ داوا دەکـەیــن پـەیمــان بـەجــێ بێـنـە
بـە ڕۆح پڕمـــــــــان بـــــــــکە
بـە ڕۆح پڕمـــان بـــکە (عیســـا، عیســـا)

**٣. له گۆرانی ڕابوردوو بیربکەنەوە.**

*عیسا تۆ بووی بە ڕووناکی بۆ ئێمە*

عیسا تۆ بووی بـە ڕوونــاکــی بۆ ئێـمـە
عیسا تۆ بووی بـە ڕێی ڕاستی بۆ ئێمـە

**ڕۆحمـان بـەرێ هێزمـان بـەرێ ئـەی خوامـان با نـاوی تۆ بـەرز بکـەین لـە جیهـان**

هـەللێلویا عیسای مـەسیح تــۆ ڕاستـــی
هـەللێلویا عیسای مـەسیح تــۆ ڕێـگـــای

هـەللێلویا عیسای مـەسیح هـەر تۆ شای
هـەللێلویا عیسای مـەسیح تــۆ خــودای

هـەللێلویا عیسای مـەسیح تــۆ توانـــای
هـەللێلویا عیسای مـەسیح تــۆ خــودای

*بڕیارم داوە*

بڕیـــــارم داوە، دوای عیســـــا کـەوم
نـــــاگـەڕێمـەوە، نـــــاگـەڕێمـەوە

جیهـان لـە دواوە، خـاچ لـە پێشـــەوە
نـــــاگـەڕێمـەوە، نـــــاگـەڕێمـەوە

ئامــانجی ژیــانم، خـــودا ڕازی کـەم
نـــــاگـەڕێمـەوە، نـــــاگـەڕێمـەوە

ناخۆشـــی ژیـــان، وورەم بـەرنـــادا
نـــــاگـەڕێمـەوە، نـــــاگـەڕێمـەوە

**٤. لە بەندی ڕابوردوو بیربکەنەوە.**

**ڕۆما ١٢: ١** بۆیە خوشک و برایان، لەبەر میهرەبانی خودا لێتان دەپاڕێمەوە، لەشتان وەک قوربانییەکی زیندوو پێشکەش بکەن، پیرۆز و پەسەندکراو لەلای خودا، کە پەرستنی هۆشمەندانەتانە.

**٥. ئایە بەرپرسیاری ڕابوردوون دەکرد؟ (بجێی خەشت؟) هەموو ڕۆژ بە ستایشی و خۆ بەدەستەوەدانی و چاککردنی و نوێژی خودا دەپەرستن**

**٦. کیتابی پیرۆزی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە.**

**پەترۆس١ ٢: ٦-١٢** [٦] چونکە لە نووسراوەکاندا هاتووە: {ئەوەتا من بەردێک لە سییۆن دادەمەزرێنم، قولینچکی هەڵبژێردراو و گرانبەها، ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت شەرمەزار نابێ.} [٧] بۆیە بۆ ئێوە کە باوەڕتان هێناوە ئەم بەردە گرانبەهایە، بەڵام بۆ بێباوەڕان، {ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە، بووە بەردی قولینچک،} [٨] هەروەها: {بەردی ساتمەکردن و تاشەبەردی پێ هەڵکەوتن.} ئەوانە ساتمە دەکەن چونکە گوێڕایەڵی وشەی خودا نین، هەر ئەمەشە چارەنووسیان. [٩] بەڵام ئێوە ڕەگەزێکی بژاردەن، کاهینیەتی شاهانە، نەتەوەیەکی پیرۆز، گەلی تایبەتی خودان، تاکو چاکییەکانی ئەوە ڕابگەێنن کە بانگی کردوون لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکییە سەیرەکەی. [١٠] پێشتر گەل نەبوون، بەڵام ئێستا گەلی خودان، پێشتر بەزەییتان وەرنەگرتبوو، بەڵام ئێستا بەزەییتان وەرگرت. [١١] خۆشەویستان، وەک نامۆ و بێگانە لێتان دەپاڕێمەوە لە هەوەسەکانی لەش دوور بکەونەوە، کە دژی دەروون دەجەنگێت. [١٢] با لەنێو نەتەوەکان ڕەوشتتان باش بێت، تاکو کاتێ بوختانتان پێ دەکەن گوایا ئێوە بەدکارن، کردەوە چاکەکانتان ببینن و لە ڕۆژی بەسەرکردنەوەی خوداش ئەوان شکۆداری بکەن.

**مەتا ٢٨: ١٨-٢٠** [١٨] عیسا لێیان نزیکبۆوە و قسەی بۆ کردن: (هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. [١٩] کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لەئاویانهەڵبکێشن، [٢٠] فێریان بکەن هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوون بیپارێزن. ئەوەتا من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، تاکو کۆتایی ڕۆژگار.)

**بەرپرسیاری: چیت فێرکردووە، کەسێکیتر فێرێ بکە.**

**٧. فێری بەندی نوێ بکە. مەتا ٢٨: ١٨-٢٠** [١٨] عیسا لێیان نزیک‌بۆوە و قسەی بۆ کردن: (هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. [١٩] کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لەئاویان‌هەڵبکێشن، [٢٠] فێریان بکەن هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوون بیپارێزن. ئەوەتا من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، تاکو کۆتایی ڕۆژگار.)

**٨. بیرکردنەوە لە گۆرانی نوێ.** *بانگی تاوت دەکەین*

**٩. لە خوێندنەکە لەگەڵ داواکردنەکانی و ماوەیەکی نوێژ تەواو بکەن.**

شەش وانەکانی لە کیتابی پیرۆز بۆ باوەڕدارانی نوێ
**٢٠١٦**
کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودرووستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org

New Testament Kurdish (Sorani)
Standard Version
Biblica 2011